هێلین
HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

دەستکەوتەکانمان هاوتا نییە بە قەبارەی سامانی مرۆیی و توانا و لێهاتووییمان

د.ڤیان سلێمان

هەشتی مارس بۆ هەموو ئازادیخوازێک مانا و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ڕۆژی یادکردنەوەی قوربانیدانی ئافرەتە بۆ مافی یەکسان و شانازیکردن بە ئامانجە بەدەستهاتووەکان، ڕۆژی هەڵوەستەکردنە لە هەلومەرجی ئێستا و نارەزایەتییە لە نادادییەکان و پێداگریی و تێکۆشانە بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و هەلومەرجی یەکسان بۆ ئافرەت و پیاو.

بەوپێیەی ئافرەتان لە سەرانسەری جیهان و گشت قۆناخەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دوای نەمانی کۆمەڵگەی دایکسالار ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ چەوسانەوە و ستەم و، بەردەوامیش لە تێکۆشان و ئاڵەنگاری هەلومەرجی سەپێندراودا بوون؛ بۆیە گشت ئافرەتان هەشتی مارس بە ڕۆژی خۆیان دەزانن و دەتوانم بڵێم هەشتی مارس بۆنەیەکی جیهانگیرە بۆ سەرجەم ئافرەتانی ئازادیخواز لە هەر پێکهاتەیەکی نەژادی بن.

لە هەرێمی کوردستاندا؛ ڕۆژی هەشتی مارس بە چالاکی جۆراوجۆر و شێوازی تایبەت لەسەر ئاستی فەرمی و جەماوەری و میدیایی یاد دەکرێتەوە، پرسی ئافرەتیش یەکێکە لە پرسە جێی باس و گرنگی پێدراوەکان. ئافرەتانی کوردستان لە مێژوودا ڕۆڵی گەورەیان لە قوربانیدان لە پێناو پرسی نەتەوەیی هەبووە و بیری یەکسانیخوازی لای ئافرەتی کورد مێژوویەکی دێرینی هەیە، تەنانەت ئافرەتانی کوردستان لە قۆناخە جیاوازەکانی مێژووی گەلی کوردستاندا ڕۆڵیان لە بواری فەرمانڕەوایی هەبووە.

لەمڕۆشدا ئافرەت بەشدارە لە هێزی کار، کایەی سیاسی، بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، ئافرەت لە دەسەڵاتی دادوەری و هێزەکانی ناوخۆ و بواری بازرگانیش بوونی هەیە، لە بواری یاساییدا چاکسازی کراوە و هەرێمی کوردستان خاوەن یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانییە و دامودەزگای تایبەتمەند بە پاراستنی ئافرەت لە توندوتیژی دامەزراون، دەیان ڕێکخراوی تایبەتمەند بە پرسی ئافرەت بوونیان هەیە، یەکەکانی یەکسانی جێندەری لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم کراونەتەوە.

لێرەدا بە شێوەیەکی واقیعی لەم پرسە دەدوێم، نادیدەگرتنی دەستکەوتەکان و پیشاندانی تەواوی بوونی ئافرەت وەک قوربانی و ژێردەستە، لەبەرچاونەگرتنی ڕۆڵی ئافرەت لە بوارە جیاوازەکان، بێ بەهاکردنی گەیشتنی ئافرەت بە دەسەڵات، بە گرنگ نەزانینی ئەو چاکسازییانەی لەم پرسەدا کراون. وەک هەندێک کەس و گروپ لە سۆنگەی دژایەتیکردنی ئەزمونی هەرێمی کوردستان پەنای بۆ دەبەن، لە کاتێکدا خزمەت بە پرسی ئافرەت ناکات، لە هەمانکات لێدانە لەم پرسە و بەکارهێنانیەتی بۆ مەرامی تایبەت و خزمەتکردنە بە ئەجێندای سیاسی جیاواز.

هەمانکات ئەوەش دەبینین، کە ئەوەی پێیگەیشتووین هاوتا نییە بە قەبارەی سامانی مرۆیی و توانا و لێهاتوویی ئافرەت، پرسی ئافرەت بە تەنها بریتی نییە لە گەیشتنی دەستەبژێرێک لە ئافرەتان بە پێگەکانی دەسەڵات، پرسی ئافرەت پرسی گشت ئافرەتان و پرسی کۆمەڵگەیە، پرسی ئافرەت پرسێکی سیاسییە و پێویستە وەک مەسەلەیەکی ستراتیژی لە پێشینەی گرنگیدانەکان و هاوتای پرسی ڕزگاری نیشتمانی بێ، پرسی ئافرەت پرسێکی کۆمەڵایەتی و کولتورییە و ئافرەتان تا ئەوپەڕی گیرۆدەی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و کولتوری و داب و نەریتە پارێزکارەکانن، پرسی ئافرەت پەیوەندارە بە ئابووری و ئافرەتان کەمترین ڕێژەیان لە هێزی کاردا هەیە، لە سەرجەم کایەکانی بەڕێوەبردن و جومگەکانی ژیان نایەکسانی لە ئامادەیی ئافرەت لەچاو پیاودا هەیە، بەڵام ئێمە دەبێ ئەوە نادیدە نەگرین، کە دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتی هەرێم بە گوتار و بە کردار پشتیوانی پرسی ئافرەتن.

لە سۆنگەی پشتیوانیی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی لە بزوتنەوەی ئافرەتان، جێی خۆیەتی کە ئێمەش هێزی پشتیوانی حکومەت بین و پشتیوانی حکومەتیش زیاتر بەدەست بێنین بۆ بەرەوپێشبردنی پرسەکەمان، ئەوەش کاتێک ڕوودەدات، کە ئێمە واتە ئافرەتانی کوردستان بەبێ جیاوازی بیروڕا و دونیابینی وەک بزاڤێکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی خاوەن ڕوانگەی ستراتیژی بین بۆ پرسی ئافرەت و پرسەکانی دیکەی گرێدراوی نەتەوە و نیشتمان. هاوکات خاوەن سەنگی جەماوەری بەهێز بین لەنێو ئافرەتانی کوردستاندا، کایەی سیاسی و هەر بوارێکی دیکە کە باوەڕی باوی کۆمەڵگە بە بوار و کایەی ئێمەی نەزانیوە، پێچەوانە بکەینەوە و خۆمان بە هاوبەش و ئەرکدار بزانین لە گشت کایەکانی دەسەڵات و تەوەرەکانی ژیان.

لە سۆنگەی ڕۆڵ و قوربانیدانی ئافرەتانی کوردستان لە قۆناخەکانی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی و لە سۆنگەی باوەڕی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان بەو ڕۆڵە، کاتی ئەوەیە؛ ئەوەی کراوە فراوان و زیاتر بکرێت و پرسی ئافرەت وەک پرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوری جێگیر بکرێ، کاری هەمەلایەنە بکرێ بۆ دەستکاریکردنی بەها کولتورییەکان و تێگەیشتنی کۆمەڵگە لەوەی کە ڕووە ئینسانییەکەی ئافرەت ببینێ نەک بایەلۆژییەکەی، ئاستی بەشداری ئافرەت لە سیاسەت و ئابووری و گشت کایەکان بەرزبکرێتەوە و یاسای پێشکەوتوو بۆ بەدیهێنانی یەکسانی جێندەری دەربکرێت.

هەرێمی کوردستان، لە قۆناخێکی سەختی ئابووری و هەستیاری سیاسی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کولتوریدایە، بەڕێوەبردنی ئابوری خێزان و پێویستیەکانی هێزی کار و بوژانەوەی بازاڕ و کشتوکاڵ و ڕزگاری نیشتمانی و دەربازبوون لە قەیرانەکان؛ پێویستیان بە وزەی ئافرەت هەیە، مەرجی بنەڕەتی بۆ ژیانی مرۆڤانە و پێوەری پێشکەوتنی سیستەمی بەڕێوەبردن؛ تەنها ئەوەیە ئافرەتان چەند لە مامەڵەی مرۆڤانە بەهرەمەندن و چەند لە جومگەکانی بەڕێوەبردن و سیاسەتکردن بەشدارن!.

هەشتی مارس لە گشت ئافرەتانی کوردستان پیرۆز بێت.

پەیامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارس

٨ی مارس، ڕۆژی بەجیهانیکردنی پرسی ئافرەتانە لە سەرجەم کۆمەڵگە جیاوازەکاندا و بەهەند وەرگرتنی ئەو خەبات و تێکۆشانەیە کە ساڵانێکە بزوتنەوەی ئافرەتان کاری بۆ دەکەن و خەباتکردنە لەپێناو چەسپاندنی یەکسانی و دادپەروەری لە هەر دوو پێگەی خێزان وکۆمەڵگە.

کارکردنی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ئافرەتان لە جیهان بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بۆ جەختکردنەوە و بەرەوپێشبردنی خواست و داوای ئافرەتانە بۆ بەشدارکردنێکی کاراتری ئافرەتان لە بوارە جیاوازەکاندا. ئێمە وەک یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، لەچوارچێوەی ستراتیژ و بەرنامەی کارکردنماندا، ساڵانە لەڕێگە خوێندنەوە و دیراسەکردنی بارودۆخ و هەلومەرجی ئافرەتان لە کوردستان، پلان و کارەکانمان بەرەو ئەو ئاراستەیە یە کە پێویستیەکانی ئافرەتانی پێ پرببێتەوە.

ئێستا ئافرەتانی کوردستان پێویستە بەربەستەکانی بەردەم خواست و جۆری کارکردنیان لابەرن و بەپشت بەستن بە توانا جەستەیی و هزرییەکانی خۆیان بتوانن ئامادەییان لە تەواوی کار و پیشەکاندا هەبێت و بازاری کار هاوشێوەی پیاو شوێنی ئافرەتانیش بێت.

دروشمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا بریتیە لە " خاوەندارێتی بەرهەم و بڕیار مافی منیشە" دەمانەوێت لەڕێگەی ئەم دروشمەوە بڵێین هێزی کاری ئافرەتان ببێتە چەقی گۆڕانکاری لە بڕیار و جێکردنەوەی لەناو ئەو کارە جیاوازانەی کە کۆمەڵگە وێنایەکی پیاوی پێ بەخشیون و هێزی دەستی ئافرەتانیان لێ بێبەشکردوون، دووبارە ئەو هێزی بڕوابوونە بۆ ئافرەتان بگەڕێندرێتەوە و ئەوانیش بتوانن لە هەڵبژاردنی کاردا خاوەن بڕیاری خۆیان بن.

پاڵپشتی بەردەوامی حکومەت هەرێمی کوردستان بۆ بەرەوپێشچونی مافی ئافرەتان و وەک پرەنسیپێکی چەسپیوی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی کاری جدییان لە پێناویدا بە ئەنجام گەیاندوە، جێگەی سەرنج و دڵخۆشیە بۆ ئافرەتان و بۆتە هاندەربۆ بەردەوامبوونی خەباتی ئافرەتانی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی خواست و ئامانجەکانیان.

لەم ڕۆژەدا یادی ئافرەتانی کوردپەروەر و بەشداری بزووتنەوەی ڕزگاری کوردستان لە بیر ناکەین سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنین و سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئافرەت لە بزاڤی نیشتمانی دەنێرین. ئازار و بەسەرهاتی ئافرەتانی ئێزدی زامێکی ساڕێژنەبووی جەستەمانە و بەردەوامی خزمەت و پشتیوانیمان بۆیان کەمترین ئەرکە. دووپات دەکەین کە لە پاڵ خەباتمان بۆ یەکسانی، پارێزەری ئازادی و دەستکەوتەکانی کوردستان بین و بەرامبەر خوێنی شەهیدان وەفادار و بەردەوامیدەری ڕێباز وڕێگایان بین.

ئەم ڕۆژە لەسەرجەم ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنانی کوردستان و سەرجەم چالاکوان وپیاوە یەکسانیخوازەکان پیرۆز دەکەین و خەباتیان بەرز دەنرخێنین.

لەسەرجەم ستاف و ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پیرۆز دەکەین کە هەمیشە بەبێ ماندووبوون و بەبێ جیاوازی ئامێزیان بۆسەرجەم ئافرەتانی کوردستان لە نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکان کردۆتەوە.

سڵاو دەنێرین بۆ ئەو ئافرەتانەی لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەیان کۆشش دەکەن و پشت بە هێزو توانای خۆیان دەبەستن.

سڵاو دەنێرین بۆ روحی ئەو ئافرەتانەی بۆنەتە قوربانی هزری پیاوسالاری و نەریتی چەوتی کۆمەڵگە.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
٨ی مارسی ٢٠٢١

هەولێر ژمارە (٣٤٣٢) ٢٠٢١/٣/٨

دلڤین خەلەف

وەلاتێ رۆژێ

لڤی سـەردەمی تەنگاڤ و ڤێ رەوشا هەستیار کو کوردســتان و دەڤەر بگشتی پێرە دەرباس دبـێ پێدڤیە ل سـەر هـەر کوردەکی خودان وژدان و خەمخۆرێ وەلاتێ خۆ ئەڤێ پرسـیارێ ب دلسـۆزی بکەت گەلۆ کەنگـی وێ نەحەز و خۆفرۆشـێن گەلـێ مە شـەرمێ ژ خۆ کەن ل سـەر رەفتارێـن خۆ یێن قرێـژ ئەوێن ل دژی مللەتێ خۆ بکار دهینـن و هەولێن تێکدانا ڤی وەلاتێ خوەش و رەنگیـن دکەن و کەنگی وێ زانبن ئیرادا ب هێز یا سـەرکردایەتیا پارتی و سیاسەتا سەرکەفتی یا جەنابێ سەرۆک بارزانی بتنێ زامنێ ئارامی و پێشـکەفتنا کوردستانەکا ئـازادە و هەر ئەون ڤی مللەتی بەرەو قوناغەکا هیمـن و سـەردەم دبەن و هەر ئـەون وەلاتێ مـە ئاڤەدان دکەن و ناهێلـن دوژمن و نەیارێن گەلێ مە بدەسـتێن خۆ یێن قرێژ ئازادیا بخوینا هەزاران شەهیدێن قەهرەمان هاتیە پێش وێران و پوچـەل بکەن، ما وێ کەنگـی خوە فرۆش دەسـت ژ تێکدانا رەوشا کوردستانێ بەردەن و هێلن ئەڤ خەلکە ب ئازادی هزر ل چارەنڤیسێ خۆ بکەت و ما ئەوان چی ئەگەر هەنە ژبلی کو بووینە کۆلە و خزمەتا دوژمنێ ڤی مللەتی دکەن هەتا ئەڤان پیلانێن خراب ل پێشـیا ئازادیا ڤی وەلاتی دروسـت دکەن، ئەرێ هەتا کەنگی وێ چاڤێن خوە فرۆشـان ل چەنیکێن نانێ دوژمنێ ڤـی گەلی بێ ما دەم نەهاتیـە لخوە ڤەگەرن، گەلۆ چما ئەو نکارن نانەکی ب سەربلندی بخۆن و بدەنـە زارۆکێن خوە، ما نە بەسـە خزمەتا دوژمنا و داربەدەسـتی و کۆلـەداری، ما دەم نەهاتیە مێشکێ خۆ بدەنە کاری و وژدانێ خوە زەلال بکەن و هزر د هەبوونا ژیانەکا سەرفەراز و وەلاتەکـی ئازاد دە بکەن، ما وێ کەنگی هزر ژبـۆ پاشـەرحژا زارۆک و نەڤیێـن خوە بکەن و لاپەرەکی پاک و سـپی ژبۆ پێشـهاتیێ وان ڤەکەن، گەلۆ ما ئـەو نزانن ڤەخوارنا فرەکە ژ ئاڤا ئازادیێ ب سەرەکی بلند بەرامبەر دەریایەکا هنگڤینێ ب سەرشـۆریە کو دکەڤە سەر زمانێ هەر مرۆڤەکی خودان بیرو باوەر.

هـەر ژ دەسـتپێکا هەبوونـا مرۆڤایەتیێ و هەتا نها هەموو گەلێن لسـەر رویێ ڤێ ئەردێ داخوازا ژیانەکا ئارام و دوور ژ کێشـە و ئاریشا دکـەن و هەر وەکـە ئەوان هەموویـان ئەڤرۆ مللەتێ کورد ژی داخوازا تیشکێن ئازادیەکا بێ سـنور و بسـەرفەرازی د وەلاتەکی سەربەست و کۆمەلگەهەکا ئاشـتیخواز ب هەموو پێکهاتە و ئـۆل وئاینیـن خوەڤـە دکـەت و داخوازا ژیانەکا گەش و ئارام د کوردسـتانەکا رۆناک و سەربەخوە و سەقامگیر دا دکەت.

مللەتـێ کورد بهیڤینـە ل دەمەکی نێزیک و لژێر سیاسـەتا راسـتەقینە یا جەنابێ سەرۆک بارزانی ب ئازادیا کوردستانەکا ئارام وێ شادبە و هەموو کۆلـەدار ودوژمـن و نەیارێن وەلاتێ مـە وێ رووڕەش شـەرمەزار مینـن و کەڤنە بـەر نفرەتێن دیرۆکێ. هەر بـژی کورد و بژی کوردستان.

بوچونێن ئافرەتان ٨ هەشتی مارس دا

روژا ٨هەشـتی مارس ئەو روژا سەرتاسەر ل جیهانێ ب ناڤێ خەباتا ژنان رێز لێ دهێتە گرتن ژبو هەبونا یەکسـانی و دادپەروەریا رەگەزی و ئازادیا ئافرەتێ د خوە پێگەهاند و ئەرک و کارو ژیانێ دا .

لـدوور ڤـی بیرەوەریێ هەڤال : نیهایەت سـالح دبێژیت : روژا ٨ی ئـاداری هەمی ئافرەتێن جیهانێ ئاهەنگا دگێـرن وەکی روژا جیهانی یا ئافرەتان، ژبەر کو ل ڤێ روژێ ل سـالا ١٨٥٧ ئافرەتێن کرێکارێن رستن وچنینێ ل (نیویورک) خو پیشاندانەکا بەرفرە ئەنجام دا و تێدا داخازا مافێن خو کرن کو پێکهاتبو ژ زێدەکرنا کریا دەستێ وکێم کرنا دەمژمێرن کاری .

پولیسا هەر زیکا خوپیشـاندەر بەلاف کرن وگەلەک ئافرەت دەستە سەرکرن و چەندین ئافرەت کوشتن و بریندار کرن

. پشـتی چەندین سالا (کلارا زتکین) ئیک ژ رێبەرێن نافدارێن حزبا سوسـیالا ئەلمانی بو بریاردا روژا ٨ی ئـاداری ببیتە روژا جیهانی یا ئافرەتـان ژبەر دوو هـوکارا ١- ٨ی ئاداری بیرهاتنـا وان ئافرەتێن قەهرەمانێن کارگەها رستن و چنینێ ل نیویورک .٢- ٨ی ئاداری روژا بەرپابونا ئافرەتێن کرێکارە ل (تیرزبوک) دژی حکومەتا روسی

. پشـتی چەندین سـالا و داواکارییێن ئافرەتان ل کور وکونفرانسا ل سالا ١٩٧٨ بریار هاتە دان

ژلایـێ نەتەوێن ئێکگرتی ڤە کـو روژا ٨ی ئاداری ببیتە روژا جیهانی یا ئافرەتان

ئافرەتـا کورد ئێک بویە ژ ئافرەتێن قەهرەمان و هەر دەم مل ب ملێ زەلامی خەبات و تێکوشین کریە و هێزا خو نیشا هەمی جیهانێ دایە، ئافرەتا کورد سـەلماندیە کو نەبتنێ نیڤا کومەلێ بەلکو کومەل هەمی یە (دایکە، خویشـکە، خێزانە)، هەردەم ئافرەتا کورد خەباتێ دکەت کو مافین خو بدەسـت ڤە بینیت و یەکسـان بیت بەرامبەر زەلامی . سـەرەرای هندێ کو هەتا نوکە تا رادەکـی ئافرەتا کورد مافێن خو بدەست ڤەئینابنە وبەشدارە د بریارا سیاسی دا وخودان پوستین بلندە دسـەرکردایەتیێ دا بەشدارە لێ هیشـتا ئافرەتێن کورد دبەردەوامن لسـەر خەباتا خو کو هەمی مافین خو بدەست ڤە بینن . لدوماهیکێ روژا ٨ی ئاداری ل هەمی ئافرەتێن جیهانێ

پیروززبیت و بتایبەتی ئافرەتێن کوردستانێ

هەیفا دوسـکی دبێژت: ب هەلکەفتا ٨ هەشتی مارس پیروزباهیێ ل سـەرجەم ئافرەتێن جیهانێ دکەم ب تایبەت یێن کوردستانێ نەخا سـمە یێن پارێزگەها دهوکی ، هەشـتی مارس روژەکا جیهانی یە و تەڤایـا ئافرەتا بخوەڤەدگریت لـێ ل ڤی روژێ گەلەک گازندە ژهندی دهێتەکرن کۆ ئاهەنگ و هەلکەفت و تشتێ وەسا هەبیت . لێ دبنیات دا ئـەف روژە ئەوە یا پتر بەحس ل مافی ئافرەتێ دهێتە کرن و ئەو بویـەرا پەیدابوی ل وەلاتێ نیویـوروک کۆ ژمارەکا نزیکی ٦٠ ئافرەتا هاتنە کوشتن و ئەشکەنجە وسوتن . ئەڤجا ٨ی ماری هەمی دەما یا ل کوردستانێ هەی چنکو ب هزارا ژن هاتینە کوشتن و سوتن و د دول و نهالانـدا تەرمێن وان هاتینە دیتن . ژبەرهندی ژی گەلەکا پێتڤی یە ئەڤرو بەحس ل وێ چەندێ بکەین ئەو سزاییێن ئەڤرو ب ژنێ دهێنەدان ل ژێر ناڤێ پەردا نامیسـی یان شیشـتنا نامیسـێ ئەف ناڤە هەمی وێ دگەهینیت کو زەلام دبیتە خودانێ دەسـتهەلاتەکا زلهێز و نێر و خودانێ ڤێ ئافرەتا . لێ خودێ هەرکەس ئازاد دایە و کەس خودانێ کەسـی نینە لـەوا یا پێتڤی یە ئەم وەک ئافرەت لسـەر وێ چەندێ کار بکەیـن کـۆ ٨ی مارس گرنگیە بهەمی مـاف و ئەرکێن بەرامبەر ئافرەتی دهێتەکرن . لدوماهیێ دبێژی ئەم سەرجەم ئێک رێزیا ئافرەتا لسـەرجەم رێکخراوێن، جڤاکێ مەدەنـی و رێکخراوێن گرێدایی مافێ ئافرەتێ ینە و پێتڤی ئێک رێزی و رێکخسـتنا ئافرەتێ و چالاککرن و پێگەهاندنا ئافرەتیینە ژبوی بو هندێ دا ئافەرت بشـێت ژئەڤرو پێدا بەرڤانیێ ژخوە بکەت دا کو دادپەروەریا جڤاکی دا دروست ببیت و رێز ل ماف و ئەرکێن ژنێ بهێتە گرتن و یاژ هەمییان ژی گرنگتر ئەوە کار لسەر وێ چەندێ بکەین کو دژاتی دناڤبەرا ئافرەتێ بخوەدا نەمینیت .

ڕێژین نهێلی

هەیفا دوسکی

نیهایەت سالح



دلێاک

حسنا سدیق

لە ٨ی مارسدا

هەشتێ مارسێ روژا جیهانێ یا ئافرەتایە و بڤێ هەلکەفتێ لسەرانسەری جیهانێ چالاکیێن جوراو جور دهێنە ئەنجامدان ئەڤ روژە هەشتێ ئادارا ١٨٧٥ئافرەتێن کارکەرێن لکارگەهەکا جلان ل بازاڕێ نیورکێ خوەنیشادانەک لدژی گرانیا کاری وکێمیاکرێ ئەنجامدا. و پاشان ژ ئالیێ پولیسانڤە هاتنە بەلاڤکرن .پشتی دوبارە بونا وێ بویەرێ ل ئەمریکاو و چەندین وەلاتێن دی یێن ئەوروپا سەدان ژنان گیانێ خوە ژدەست داژبەر ئالوزیا خو پیشاندانان،ل سالا ١٩٧٧ ڕێکخراوا یونسکو یاسەر ب نەتەوێن ئێکگرتیڤە بریاردا کو هەشتێ مارسێ وەکی روژا جیهانی یا ئافرەتان بهێتە پەسەند کرن .و هاتیە پەسەندکرن کو هەشتێ مارسێ روژا جیهانی یا ئافرەتان بیت بڤێ هەلکەفتێ جوانترین و گەرمترین پیروزباهیێن خو ئاراستەی سەرجەم ئافرەتێن جیهانێ و بتایبەت یێن کوردستانێ دکەم هەشتێ مارسێ وەفاداریەکە بو ژنێنن ملەتێ من ئەوێن ب خەبات وتێکوشاناخو کو قوتابخانێنن مەزن ژبو ئاڤاکرنا وان قهرەمانێت کو گیانێ خوە فیدای ملەتێ خوە کرین کوهەر ئەوقهرەمان کورین ڤان دایکێن زحمەتکیش بوینە ژپێخەمەت ئازادیا گەل و وەلاتێ خوە جانێ خوە کریە قوربان هەردیسا چەندین ئافرەتان گیانێ خوە کریە قوربانی ژبو ئازادی و سەربەخوەیا گەلێ خوەهزارەها سلاف لگیانێ وان شێرە ژنان بن کوژیاناخوە دەست دای لبن زولم و ستەمالێ هاتیە کرن ژبو دەست ڤە ئینانا ژیانەکا ئارام.

> ل سالا ١٩٧٧ ڕێکخراوا یونسکو یاسەر ب نەتەوێن ئێکگرتیڤە بریاردا کو هەشتێ مارسێ وەکی روژا جیهانی یا ئافرەتان بهێتە پەسەند کرن .و هاتیە پەسەندکرن کو هەشتێ مارسێ روژا جیهانی یا ئافرەتان بیت

دلڤین شەمال

هەشتێ مارس روژا ڤەژاندنا مافێن ئافرەتان

ئافرەت پێکهاتەیا سەرەکیا جڤاکیە و ل کوردستانێ گرنگیەکا زۆر ب شیانێن ئافرەتان هاتیە دان و نوکە ئافرەت ل پرانیا سێکتەراندا کار دکەن و خودان بریارو هێزو دەسهەلاتن ژبلی ڤان تایبەتمەندیا سالانە روژا هەشتی مارس کو ب روژا جیهانیا ئافرەتان هاتیە ناسین لسەر ئاستی جیهانی چەندین چالاکی دهێنە ئەنجام دان ب مەبەستا پاراستنا مافین ئافرەتان، ل هەرێما کوردستانێ ئەڤ روژە ب چەندین چالاکیا دهێتە ساخکرن سەرەرای کۆ ئەڤساله ئەڤ چالاکیە وەک پێدڤی ناهێنە ئەنجامدان ژبەر بەلاڤبوونا ڤایروسی کورونا بەلێ ئەڤ روژە بویە هیڤیەک بو ئافرەتان کو دڤێ روژێ دا پتر گرنگیی ب پاراستنا مافێن خو بدەن و پتر بزاڤێ بکەن بو ب دەستڤەئینانێ، ل هەرێما کوردستانێ سال بو سالی پێنگاڤێن باش دهێنە هاڤێتن بو پاراستنا ئافرەتان ل سایا حکومەتا هەرێما کوردستانێ هەشتێ مارس روژەک بو بوو ڤەژاندنا مافین ئافرەت هاتیە ئاڤراندن کو دڤێ روژێ دا کومەکا ئافرەتان ب رەنگەکێ هێمنانە داخوازا مافێن خو کریە بوینە قوربانی ئافرەت ب هێزو شیانێن خو شیایە خو ئاڤا بکەت و جڤاکەکێ ساخلەم بەرهەم بینیت سەرەرای کو هێشتا هندەک ناوچە هەنە رێرگرن ل هەمبەر مافێن ئافرەتان و دەستەبەرکرنا وان باشترین هێز بو ئافرەتان ئەوە کاربکەن بو ب دەستڤەئینانا خواستا خو پارستنا دەستکەفتێن خو ئەو هزرو شیانێن ئافرەتان بو ژیانی زور ب هێزن ژیان ب هەبونا ئافرەتان ئارامیەکا جڤاکی دروست دکەت پێدڤیە ئافرەت رێکێ نەدەن کو بهانە ب شەرەفا ئافرەتان بهێتە کرن و هەردەم هێزو چەپەرن بن بەرامبەر پاراستنا کارێن خۆ خو ب دەستڤەئینانا مافێن زێدەتر ئەو جڤاکێن رێزی ل ئافرەتان و شیانێن وان نەگرن هێشتا هەست ب گرنگی و هەبونا ئافرەتان نەکریە .

ڕۆژی جیهانی ٨ی مارس

سۆزان محەمەد

مێژووی ڕۆژی جیهانی ئافرەت واتە ٨ ی مارس هاوکاتە لەگەڵ مێژووی ڕوبەڕوبونەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئافرەت بەرامبەر نادادی و بێ مافیان لە کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا.

هەڵبژاردنی ٨ ی مارس وەک ڕۆژی ئافرەت لە جیهاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ناڕەزایی و ڕوبەڕوبونەوەی ئافرەتی کرێکاری ڕستن و چنین لە ساڵی ١٨٥٧ لە شاری نیۆیۆرکی ئەمریکا.

کاری زۆر و سەخت لەگەڵ کرێی کەمی کرێکارانی ژن لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی بیست، وای لە ئافرەت کرد کە ناڕەزایی دەرببڕن لەبەرامبەر بەدەستهێنانی مافەکانیان.

لەم ڕۆژەدا کرێکارانی ڕستن و چنین لە کارگەیەکی گەورەی پۆشاکدا بەرامبەر سەختی کارەکەیان و کەمی مووچەکەیان و خراپی باری داراییان ناڕەزاییان دەربڕی، ئەم ناڕەزاییە بەشێکی زۆری ئافرەتی ئەم کارگەیەی گرتەوە و بەردەوامی هەبوو.

لە ٨ ی مارسی ١٩٠٨ دا دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٥٠ ساڵ ئافرەتی کرێکاری کارگەی رستن و چنینی کەتان لە شاری نیۆیۆرک لەگەڵ یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە، بەهۆی پەستانی زۆری کار لەسەریان و مووچەیەکی کەم دەستیان بە دەربڕینی ناڕەزایی کرد، خاوەنی ئەم کارگەیە بە هاوکاری پاسەوانەکانی کارگەکە و بۆ ڕێگری لە ناڕەزایەتی بەشەکانی تری کارگەکە، ئەم ئافرەتەی لە شوێنی کارەکانیان زیندانی کرد، بە هۆکارێکی نادیار ئاگر لە کارگەکەدا کەوتەوە و تەنها هەندێک کرێکاری ژنی دیلکراو توانیان خۆیان ڕزگار بکەن، لەم کاتەدا ١٢٩ کرێکاری ژن لەم ئاگردا سووتان.

ڕۆژی ٨ی مارس بەمشێوەیە وەک ڕۆژێک بۆ ناڕەزایەتی ئافرەت بەرامبەر نادادییەکان لە یادەوەری خەڵکیدا مایەوە، لە ساڵانی دواتردا و لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا ناڕەزایەتی ئافرەت وەک خۆپیشاندان و دروستکردنی فشار لەبەرامبەر مافەکانی ئافرەتدا بەردەوام بوو.

یەکێک لە دیارترین داکۆکیکەرانی مافەکانی ئافرەت لە وڵاتی ئەڵمانیا کلارا زێتکین (١٨٥٧-١٩٣٣) بوو، خواستەکانی ناڕەزایەتی ئافرەتی لە ئەڵمانیادا لەسەر بنەمای ٨ کاتژمێر کارکردن بۆ ئافرەت لەڕۆژێکدا، مافی پشوو، مافی مۆڵەتی لەدایکبوونی منداڵ، یەکسانی مافی ئافرەت لەگەڵ پیاواندا لەیاسادا خستە ڕوو.

لە ئەوروپا دووەمین کۆنفرانسی سۆسیالیستی نێودەوڵەتی ئافرەت کە ١٠٠ ژن بەشدارییان تێدا کردبوو لە ١٧ وڵاتی جیهاندا، بە پێشنیاری کلارا زێتکین لە ٢٧ ی ئابی ١٩١٠ لە کۆپنهاگن ڕۆژی ٨ ی مانگی مارس وەک ڕۆژی ئافرەت دەستنیشان کرا.

یەکەمین ڕۆژی جیهانی ژن لە مانگی مارسی ١٩١١ لە دانیمارک، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، نەمسا، سویسرا و ئەمریکا بەڕێوەچوو، ملیۆنان ژن لەم ڕۆژەدا بەشدارییان کرد، خواستە سەرەکییەکانی ئافرەت بریتی بوون لە یاسای پاراستنی کار بۆ ئافرەت، مافی دەنگدان و بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا، یەکسانی مووچە لەگەڵ پیاواندا، ٨ کاتژمێر کارکردن لە ڕۆژێکدا، پاراستنی دایک و منداڵەکەی، زیادکردنی مووچە کەمەکان.

بەهۆی قەیرانی ئابووری جیهانەوە لە سییەکانی سەدەی بیستدا و مەترسییەکانی فاشیزم بابەتی نارەزایەتییەکانی ئافرەت پشتگوێ خرا.

لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا، مافی یاسایی لەناوبردنی منداڵ و پاراستنی دایکان گرنگییەکی زۆری پەیدا کرد، ئەم گرنگییە گۆڕا بۆ ناڕەزایەتی و جووڵەیەکی گەورە بە هۆی قەیرانی داراییەوە کە ئەوکات تەواوی ئەوروپای گرتبوویەوە، ساڵانە نزیکەی یەک ملیۆن ژن منداڵەژانییان لەبار دەبرد، بە هۆی ئەم لەباربردنەوە لە ساڵی ١٩٣١ تەنها لە ئەڵمانیا نزیکەی ٤٤ هەزار ژن مردن.

به هاتنە سەر حوکمی حکومەتێکی دیکتاتۆری فاشیستی لە ئەڵمانیا و قەدەغەکردنی هەر جۆرە ناڕەزایەتییەک و خۆپیشاندانێک، یادکردنەوەی ٨ ی مارس مەحاڵ بوو.

دوای جەنگی جیهانی دووەم لە وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی جەژنی ڕۆژی ئافرەت لەساڵی ١٩٤٦ دووبارە بەڕێوەچوو، لەم وڵاتانەدا ڕۆژی ئافرەت وەک جەژنی فەرمی لە ڕێگای دەوڵەتەوە دەستنیشان کرا و باری دارایی و مافەکانی ئافرەت باشتر بوو.

ساڵی ١٩٧٨ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاریدا کە ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ئافرەتان بە فەرمی بناسرێت، لەساڵی هەشتاکاندا ڕۆژی ٨ی مارس دوبارە مانا و بوونی تایبەتی خۆی دۆزییەوە و رێزلێنان لەو کەسانەی کە ئەم بزووتنەوەیان دەست پێکردووە بۆ ئاڵوگۆڕی هەلومەرج تێکۆشاون، بەڕێوەدەچێت.

بەهێزکردنی ژنان، یەکسانی رەگەزی و یەکسانی مافی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، هاوکاری لە گەڵ رێکخراوە سەربەخۆکان ودامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان دەبێ لە بەرنامە و پرۆگرامی ئافرەتان لە داهاتوودا بێت.

ئەمڕۆ زیاتر لە سەدەیەک تێدەپەڕێت بەسەر یەکەمین ڕۆژی یاد کردنەوەی ٨ ی مارسدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک ڕێگری زۆر هەن لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی ئافرەتدا لە کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، لە ئێستادا هێشتا چەند وڵاتێک هەن لە کەمترین مافیان بە ئافرەت داوە.

> ئەمڕۆ زیاتر لە سەدەیەک تێدەپەڕێت بەسەر یەکەمین ڕۆژی یاد کردنەوەی ٨ ی مارسدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک ڕێگری زۆر هەن لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی ئافرەتدا لە کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، لە ئێستادا هێشتا چەند وڵاتێک هەن لە کەمترین مافیان بە ئافرەت داوە

لە مارسدا ژنێك دێت

لە مارسدا
ژنێک دێت و
لە کەلاوەکانی عومری خۆی رادەمێنێ
ئەرشیفی خەمە ساردەکانی
بە ئەسرینی گەرمی ئەتوێنێتەوە
ژنێک دێت و
لاشەی شکاوی
لە بەربەبەیانی مێژوودا
لە باڵای خاچ ئەکاتەوە
بە ئەسپای سەما لەگەڵ سەحەر
ئەکات
باسی بێداریی تاریکی بۆ هەتاو ئەکات
ئەو ژنە سیمای سێخناخە بە ئێوارە
لە ئێوارەدا
هێدی ...... هێدی
سەفەر بەناو رەنگەکاندا ئەکات
تا ئەگاتە رەنگی خۆی رەنگی ژن
تا ئەگاتە دەنگی خۆی دەنگی ژن
سەدای کەلەبچەکانی دڵی
کەلەبچەکانی هزری
زامەکانی جەستەی
ئەبیستێ
هێمن .... هێمن
بە نەغمەی سەمفۆنیایەک
هەموو کەلەبچەکان ئەشکێنێ
و
نەرم ...... نەرم
بەسەر گەوهەری خەونەکانیدا
لە باڵ ئەدا
هەڵئەفڕێت بەسەر باژێڕەکانی مەنفادا
هاژەی ئازاری ژنە ژان گرتوەکان ئەبیستێت
هاژەی بێداری کچە دڵ کوژراوەکان ئەبیستێ
هاژەی نەداری
هاژەی ویژدانی
بێوەژنەکانی رۆژهەڵات ئەبیستێ
کە هەستیان
شەقار شەقارە بە زام
پڕن لە ئارامیی ئەبەدی
بە نیگای چاویاندا پێکانی
زەمەنێکی دوورتر
زەمەنێکی شەرمنتر
حەشار دراوە
لە ئاسمانی خەونەکانیاندا
بۆنی هەموو ئەو ئەستێرانە دەکا
ئەو ئەستێرانە رۆحی ژنە
قەقنەسەکانی شیکاگۆیان
بە بەرۆکی پڕ لە نوری خۆیان هەڵواسیوە
هەر لەوێوە ژنێکی کاکوڵ سپی
لە دامێنی حەوتەوانەوە
هەورێک ئەژەنێت
بۆ بیابانیکی تینوو تینوو
بیابانێک کە رۆحی ژنە
بیابانێک پڕ پڕە لە دۆزەخەکانی تەنیایی
ژنێک دێت و
ئارەزوە شکاوەکانی لە بانیژەی
خولیادا سەوز ئەکا
ژنێک دێت و
دڵی مۆری لە بێباکی زەمەن
بە گوێسەوانە سەهۆڵیەکانی
ئەمەلدا هەڵئەواسێ
تا بە نەمری لە حزووری بەفردا

حیات مجید

بە پاکیزەی بمێنێتەوە
لە رەشی رۆژگار بە دوور بێت
کەسەرەکان لەسەر کۆشی ئەدورێتەوە
لە سینەیدا فەریکە پەپوولەکان بۆ هەمیشە
بەخێو ئەکا
لە مارسدا ژنێک دێت و
باوڵێک مەراقی پێیە
لە بیدەنگیدا نوقم ولە چاوەڕوانودا تەنیا
هەموو شەوێ
تاریکی ....تەنیایی
هەنجن هەنجنی ئەکات و
لە تاریک و لێڵەی بەیان
ئەژێتەوە بۆ خەمەکان
بە مەلوولی سێبەرەکەی رایدەکێشێ
بێناو نیشان
ژنیک دێت و
وێنەی ئەو عەشقەی لە دڵیدا خولقاوە
خاپووری ئەکات
بەرسیلەی خۆزگەکانیشی بە تەنافی
چارەنووسدا هەڵئەواسێ
تا لە ئێوارەیەکی کڕیوەدا
بە شکاوی لە مەیدانی شەرمدا
بە ناچاری کۆیان ئەکاتەوە
ژنێک دێت و
لە ناو رووتی رۆژگاردامەستی پۆشتەی پێیە
هەستی یەکسانی
هەستی ژنێتی
ئەو ژنە لە ناو گەردەلوولێکدا وون دەبێت و
هەرگیز ...هەرگیز
نایەتەوە
ژنێک دێت و
لە سڕ بوونی تەمەنی رادەمێنێت
وشە خەفە کراوەکانی گەرووی ئازار ئەدات
پرچی پەمووبی لە هاوینێکی گەرمدا
بە تیشکەکان شانە ئەکات
چاوانیشی لە ئاودا قەتیس ماوە
دڵی لە ئازاردا بەستوویەتی
لە سۆراخی هەتوانێکە
بۆ تواندنەوەی
بەتیری ئەوان بە تیری کۆمەڵگە
دڵی ئەسمێ
تا لە رووت بوونەوەی پەیڤێکدا
بەرائەتی خۆی
بۆ ئەوان ......بۆ ئێوە
بۆ خودا راڤە بکا
راڤە بکا..

لە هێلینەوە

– ١١٣ ساڵ لەمەوبەر لە هەشتی مارسی ساڵی ١٩٠٨ زایینی ئافرتانی کرێکار لە کارگەی رستن و چنین لە شاری نیویورکی ئەمریکا بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان وەک، پاراستنی یەکسانی رەگەزی،زیادکردنی مووچە و هەبوونی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی نارەزاییان دەربڕی و مانیان گرت، خاوەن کارگە بۆ ئەوەی دەنگی نارەزاییی ئافرەتەکان بڵاو نەبێتەوە، دەرگای کارگەی بە رووی ئافرەتە کرێکارەکاندا داخست و دواتر بە هۆکارێکی نادیاری ئاگرکەوتنەوە لە ناو کارگەدا ١٢٩ ئافرەت سوتان و گیانیان لە دەستدا، دوای ٢ ساڵ لەو رووداوە لە ساڵی ١٩١٠ لە کۆنگرەیەکی جیهانی ئافرەتان لە کۆپنهاگ پایتەختی دانیمارک، بڕیاریاندا رۆژی هەشتی مارس بە رۆژی نێودەوڵەتی ئافرەتان بناسێنرێت، وەک هێمایەک لە جوڵانەوەی ئافرەتان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان.

– بە پێی راپۆرتی"رکنا" وڵاتی سعودیە لەمەودوا رێگەی بە ئافرەتانی ئەو وڵاتەدا کە لە رێزی سوپادا بە پلە جیاوازەکان خزمەت بکەن، وڵاتی سعودیە بەنیازە بەو هەنگاوە تا رادەیەک لە گوشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەو رەخنانەی کە لە بواری مافەکانی ئافرەت لەو وڵاتە دەگیرێت کەم بکاتەوە، پێشتریش لە ساڵی ٢٠١٨ بۆ یەکەم جار ئەو وڵاتە مافی لێخوڕینی سەیارەی بە ئافرەتان بەخشی.

– ئاژانسی فەزایی ئەوروپا دوای ١١ ساڵ لە کارکردنی بەنیازە ئافرەت وەک بۆشایی گەڕ دابمەزرێنێت، ئەو ئاژانسە لە راگەیەندراوێکدا باس لەو دەکات کە ئاژانسەکەیان بە نیازە پێشکەوتنی گەورە لەو بوارەدا تۆمار بکات و بۆ ئەو مەبەستەش سوود لە هەردوو رەگەز وەردەگرێت.

– رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە بەشداری ئاسایی ئافرەتان (تەنیا وەک بەشداربوو) لەو گفتوگۆیانەی کە تایبەتن بە ئاشتی رێژەی سەرکەوتنی گفتوگۆکان ٦٤٪ زیاد دەکات، لە هەمان کاتدا بەشداریان لە وتووێژەکاندا وەک "نێوەندگیر"ئەو رێژەیە زۆر لەوە بەرزتر دەکات، کەچی تەنیا ٩ ٪ ئافرەتان وەک کەسانی ئاسایی بەشداری گفتوگۆکان دەکەن و ٢٪ وەک کەسی نێوەندگیر لەو بوارەدا رۆڵیان هەیە، هەروەها پێیان وایە ئەگەری سەرکەوتنی هەوڵەکان بۆ سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا و سەرکەوتنی وتووێژەکانی تایبەت بە ئاشتی لە جیهاندا ئەو کاتە زیاتر دەبێت، کە ئافرەتان لە پرۆسەی ئاشتیدا بەشدار بن.

ئا:نەسرین حەسەن

بەسەرپەرشتی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
www.helinmedia.org
ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org
شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org